سبەی دووشەمە لە پارێزگای بەغدا کرایە پشوو

ئەمە یەکشەمە "عەتوان عەتوانی" پارێزگاری بەغدا ، سبەینێ دووشەمەی لە دیوانی پارێزگای بەغداد و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی کردە پشووی فەرمی، وەک ماتەمینییەک بە شەهیدبوونی سەید عەلی خامنەیی.

پارێزگاکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە : "عەتوان عەتوانی" پارێزگاری بەغداد دەوامی فەرمی لە دیوانی پارێزگای بەغداد و فەرمانگەکانی سەر بەو پارێزگاکەی، جگە لە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، بە سبەینێ دووشەمە کردە پشوو، وەک ماتەمینییەک بە شەهیدبوونی سەید عەلی خامنەیی.

وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە : پارێزگاری بەغدا ، دیوانی راسپاردوە بە ئەنجامدانی پرسە و سەرخۆشی لە ڕێژی سەشەمەدا لە دیوانی پارێزگا، بە بەرز ڕاگرتنی یادی شەهید و دەربڕینی هەستی خەمباری و هاوخەمی.